

# حیکمەتی ئێمە گریانبوو بەدیار وشەوە! *

بوشرا کەسنەزانی

## دەستپێك:

ئەم باسە خوێندنەوەیەکی کورتی ئەزمونی جیاوازی سێ شاعیرە (دلاوەر قەرەداغی، ڕێبوار سیوەیلی، هیوا قادر) کە فەزایەکی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە و ڕێدەدات بە ئێمە تا بەیەکەوە باسیان بکەین، هاوتا لە ناو خودی ئەو فەزایەشدا ڕێگەی جیاوازی شیعرییان هەیەو سنورەکانیان لە یەک جیادەکاتەوە. ئەوەی وادەکات قسە لەسەر ئەم شاعیرانە بکەین، تەنها ئەو دوو خاڵە نییە (جیاوازی و هاوبەشی)، بەڵکو مەبەستمان قسەکردنە لەبارەی ئەو رەگە ڕۆچووانەی ئەزمونی ئەم شاعیرانەوە بە هەست و سۆزی خودی و دواجار ئەتمۆسفیرێکی مەنفاییدا، کە وادەکات رۆمانسییانە خۆ بنوێنن. بە واتایەکی دی، ئەم شیعرانە و خوێندنەوەی پێکهاتە هەڵوەشێنیان تەنها ڕوانگەی ئێمە نییە بۆیان، بەڵکو دیدی ئاوەڵامان هەیە. پانتایی شیعر وامان لێدەکات خۆمان لە ئاست چڕە واتادا ڕاگرین و وردتر تێفکرین لە پەیڤ و لە سنوری کارەکەماندا پرسیاری دروست بوو، وەڵامی خۆی وەرگرێت و نەبێتە هۆی تاکە خوێندنەوە و ڕاگرتنی دەق بەم ڕاڤەیە. لەو ڕوانگەیەوە شیعری نوێ لە شیعرییەتی خۆیدا، دەربڕینی خودی شاعیرە و بە جۆرێک لە جۆرەکان خاڵەکانی مانا دەڕواتەوە بۆ چەقی دیاریکراو کە خودە. ئەوا شیعری ئەو شاعیرانەش ناکرێت خاڵی بن لەو خودییە و لە پاڵ گێڕانەوە جۆراو جۆرەکاندا خۆیان نەگێڕنەوە و خودییەتی شاعیر لە شیعرەکە دا نەنوێنن.

ئەم سێ شاعیرە ئەگەر بە شاعیری نەوەدەکانیان بدەینە قەڵەم، ئەوا دەشێ وەک سێ دەنگی شیعری جودا لێیان بڕوانین و دیدگای تەماشاکردنمان لەم باسەدا نەبێتە هۆی یەک ڕوانین و تاکەڕاڤکردن، بەڵکو هەوڵێکی بچووک بێت بۆ خوێندنەوەی ئەو شاعیرانەی کە ئەزمونێکی لێکچووی سیاسی و کۆمەڵایەتی نیشتمانێک لێکیان نزیکدەخاتەوە و ڕوانین و ئەندێشەکانیان بەرەو سەرزەمینی جودای یۆتۆپیایی جیایان دەکاتەوە. ئەم سێ شاعیرە لە نەوەیەکن دەنگ جوداو سەدا جیا، هەریەکە و بەهۆی شێوازی خۆیەوە دەنگی خۆی دەردەخات، بەڵام ئەم سێیانە لە فەزایەکی هاوبەشدا لە ڕووی کەشی شیعرییەوە لێک نزیکدەبنەوە و گوزارشت لە خود و بابەتگەلێک دەکەن، بەرینی مەودایەکی شیعری بەیەکیانەوە گرێدەدات.

سنوری کارەکەمان لە بەرهەمەکانی (مەلەک ڕەیحان، زمانی عەشق، سێوی سور) دایەو جاروبار بەرهەمەکانی دیکەش دینە ئاراوە، بە گشتی بەلای ئێمەوە ئەم سێ بەرهەمە دەتوانێ قورسایی و قولایی ئەزمونی ئەوان نیشانبدات، هەربۆیە بە باشمانزانی کارەکەمان لەسەر ئەو بەرهەمانە بێ.

### خود وەك سەرەتایەك بۆ گێڕانەوە

دەستپێکی ئەم شاعیرانە لە خاڵێکی بچووک بەڵام سەرەکییەوەیە بۆ بڕینی ڕێگەیەکی دوور، ئەو خاڵەش (خود)ە وەک یەکە سەنتەری پەیوەندییەکان و سنوری چەسپاوی ناو شلۆقییەکان. هەرسێکیان لە ڕێگەی زمانێکی بە وێنەوە گوزارشتەکان دەگەیەنن و پاراوی شیعر دەخەنە بەر دیدەی خوێنەر، ئێمە لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوە بۆ هەوڵی هەریەکێکیان بکەین:

(زمانی عەشق و زەمەنی ئەنفال)ی ڕێبوار سیوەیلی یەکێکە لەو بەرهەمانەی خودێتی شاعیر لە ناو شیعردا دەنووسێتەوە، لە دەرەوە و بەر لە قۆناغی بوون بە شیعر، زەین لە بیرکردنەوەو کارکردی کەسی و ڕوانین و یادەوەرییەکان لە ڕوانگەی فەلسەفەوە و هزرە ئەزمونکراوەکانەوە دەرباز بێ لە زەین و بێتە جیهانی وشە و وێنەی ئێستاتیکی، بۆ گەشتنە قۆناغی کامڵی، واتا هەوڵێکی شکست خواردوبوو، نەیتوانیوە تەنها وێنە و پەیڤی هونەری بنووسێتەوە، بەڵکو لەگەڵیشیدا هەموو ئەو کێشمە و گێرە و مۆنۆلۆگی ناخی خزاوەتەوە نێو دەقەکەوە و لە شێوەی وێنەی هونەری و بیری مەعریفی و یادەوەریی ڕابردوودا خۆی نواندووە، ئەمەش تەوژمی شەپۆلی نائاگایی شاعیر دەردەخات لە داچۆڕانی بیرەکانی بۆ ناو شیعرەکە، هاوتا لە ڕوویەکی دییەوە ئاگایی شاعیر لە هۆنینەوەی هەستە خودییەکانی بە وێنەی شیعری و زمانی واتا بەخشی نێو شیعر.

ئەم قەسیدە بە نەفەسێکی درێژەوە، نائومێدییەکان و شکستە ڕۆحییەکانی خۆی و نەوەیەک باسدەکات و (زمانی عەشق) دێنێتە گۆو (زەمەنی ئەنفال)ی پێدەگێڕێتەوە، خودێتی بە زمانێکی ماندووی بەسەربر دەست بە شیعر دەکات، (لەبەردەرگای قەسیدەوە تا دەروازەی جەهەننەم خوێنم لێدەڕژێ، برینداره لە ئەزەلمەوە تا عەدەم) (٥، ل٢٣) پەیڤی سەرەتا گێڕانەوەی حاڵی خۆیەتی بە زمانی ئێستا، بە دوو دێڕ بەر لە چوونە ناو قەسیدەوە، لەبەر دەروازەی شیعردا پەسنی خۆی بە برینداریێکی خوێن لێڕۆیشتوو دەکات، تا خوێنەر بزانێ لەگەڵ کێدا ڕووبەڕووبۆتەوە، بەڵام ئەم دێڕە ناتوانێت پێناسی تەواوی بزانرێ، بەڵکو دوای چەند دێڕێک وەک ئەوەی هەستی بە لەنگی تێگەیشتنی خوێنەر کردبێت و پرسیاری لە ڕووخساری خوێنەردا بەدیکردبێت، پێناسی نەناسراوی خۆی باسدەکات کە ئەنفال بەرەو نەمانی بردووە، خۆیی لێسەندۆتەوە وەک تاک و لە ئەنجامی ئەمە دەستبەرداری (شوێن کاتیش) بووە وەک هەبوویەکی نەناسراو، لە سنوری دەسەڵاتی وشەدا لە ئێستادایە، ئەم دەستپێکە بە ئاوازێکی کێشداری شێوە کپ دەستپێدەکات و گێڕانەوە لە یەکەم خاڵەوەیە کە خۆیەتی، دەنگی بیستراو شاعیرە و هیچیتر لە ئارادانییە، هاوێنە قورسایی خستۆتە سەر وتەبێژێک، باس لە باری نائاسایی خۆی دەکات. بەردەوامە لە دەربڕین وەک ئەوەی لەبەر خۆوە بدوێ و یادەوەری بەرینی دەسەڵاتی ڕەهای دابێتێ بۆ گێڕانەوە بێ ڕیزبەند کردن و سنوردارکردن.

لەگەڵ گێڕانەوەدا یادەوەری تێکدەشکێنرێت و تۆنی دەنگی بەرز دەبێتەوە، بە بڕیارێک کە لە ئێستای شیعردا دەدرێت و خۆی پێ بینادەکات، دەترسێت بەهۆی گێڕانەوەوە یادەوەری لە چوارچێوەی خۆیدا دووبارە بێتەوە، هەر بۆیە دەستەوەستان نییە لەبەردەم نەمانیدا، بەڵکو دەستپێدەکاتەوە، بێئەوەی بڵێت لە خۆیەوە دەستپێدەکاتەوە، کە هەم ژیانە و هەم کۆتاییشە. تاکەکەسی و خودێتی لای سیوەیلی فراوان دەبێ بۆ باسکردنی وادەی عەشق و دەیەوێ لە ڕێگەی ئێستاگۆییەوە

ڕابــردووی بخاتــە بــەردەم لەناوچوونــەوە، بەڵام ئێســتا ئەو ســاتەیە، ڕابــردووی گەیاندۆتە ئەوەی هەیــە، کاتێکیش حاشــا لەمــە بــکات و دەیەوێ بۆ دۆزینەوەی ناسنامە دەستپێبکاتەوە، ناتوانێ دەرباز بێت لە ڕابردوو، لــە ڕێگەی یادەوەرییەوە ڕابردوو دەکاتە بناغەی دروســتکردنەوەی ئێستا و خۆی لە ئایندە حەشــار دەدات، پێداگری دەکات لە چوونە ناوییەوە، دەیەوێ لە ئێســتادا بژی، ئێســتایەک کە دەلاقەیەکــی هەیــە بۆ ڕوانیــن و تێکشــکانەکان و دارمانــەکان و گەردانبوونی خۆی و نەتەوەکەی، بە باچوونی خەرمانی عەشقییان. لە ئێستادا هەڵوێستە لەســەر جێهێشــتنی شــەهریار دەکات و دەمانخاتە گومانەوە بەرامبەر بە کەسێتی شەهریارانەی خۆی و لــە ڕێگــەی زمانێکی ناســۆر دەربــڕەوە وێنەی شــەهریارێکی عاشــقمان نیشــاندەدات کــە هەنوکە زەمــەن گــورزی خۆیلێوەشــاندووەو لــە کونجــی تەنیایی خۆیــدا بێ چەک ڕووبــەڕووی ئایندەبووە کــە لــە ڕێوەیە بۆ گەیشــتن. شــەهریارێک کە کات دەبێتە وێنەی دێوەزمەی ئەنفال و بەردەوام لەسەر ســنگێتی و نایەڵێت بوونێکی مرۆڤ ئاســای هەبێت لە دەرەوەی ئەنفالدا، هاوکات لەگەڵیشیدا پرشنگێکی دوور بۆ ژیان لە دەرەوەی کات بەدیدەکات، ئەویش یادەوەریی عەشــقە زمان دێتە گۆ و شەهرەزادئاسا دەدوێ بۆ هێشتنەوەی لەو کابوسەدا، بە واتایەکیتر شەهریارێک لە ناخی دەقدا لە نێو زەمەنی ئەنفالدایەو عەشقێک دێت و ڕابردووی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، تا لەگەڵ ئەنفالدا بێت تا هاتنی ســەری ســاڵی نوێ. لە ئاســتێکیدی و بە ڕاڤەیەکیدی، شەهریار دانیشتووە و پاشماوەی چیرۆکەکانی شــەهرەزاد دەگێڕێتەوە کــە ئــەو نەیگێڕاونەتــەوە و بەهۆی جێهێشــتنەوە خولقاندنی و سپاردی بە یادەوەریی شەهریار تاکو ئەو بۆمان بگێڕێتەوە.

لێرەدا چیرۆکی عەشق نەک هەر ناگاتە کامڵبوون، بەڵکو بە پەلە تەواو دەبێ و شەهرەزاد دیار نامێنێ و خۆی دەربازدەکات و لە سنوری ژیانی سیوەیلی دەچێتــە دەر، ئەودەم ئاوڕدەداتەوە لەو ســاڵگەلەی هەندەران کە شەهرەزادی هەبووە، لەوێشەوە بیری بۆ دوورتر بۆ ژیانی نیشــتمان دەگەڕێتەوە پەی بە بەســەرچوونی ژیان دەبات لــە ژوورێکی تەریک و سارد و تەنیادا و خۆی لەبەردەم هەموو هەرەسێکدا دەبینێتەوەو چنگەکرێ دەکات بۆ دەستپێکردنەوە و شیعر دەکاتە گۆڕەپانی یادەکانی.

دیدگای شــاعیر بۆ عەشــقی خۆی زۆر تایبەتە و لــە گۆشــەیەکەوەیە بــۆی دەڕوانێت کــە هەموو هەقێک بە خۆی ڕەوادەبینێ بۆ قســە لەسەرکردنی بێ گوێدانە وادەی بەسەرچوون و ئەزمونی کۆتایی پێهێنراو لەلایەن مەعشوقەوە. کاتی گێڕانەوە لە ناو تەمی لەدەســتدان دایە، لە وەهی بەدەستهێنانەوەدا جگە لە نیشــاندانی قورســیی عەشــق لای خۆی و هاوڕەگەزەکانی، بێ بەهاکردنی عەشق نیشاندەدات لەلایەن ڕەگەزی مێ بە گشــتی و خۆشەویستەکەی بە تایبەتی. لێرەوە دەربڕین تەنها لە پێناو شکســتی پیاوێکدانییــە کــە خۆشەویســتێک لەدەســتدەدات یاخــود بە جێدەهێڵدرێت، بەڵکــو چوونە ناو ئاڵۆزی هاوکێشەیەکە لە مێژووی خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگــەزدا و چۆنییەتی دەســت لێهەڵگرتنییەتی بەبێ شیکارکردن، لە گێڕانەوەی ئێستای جێهێشتنی (مێ) یــەوە بە هۆی چاو کرانــەوە و دونیابینی و چوونە ناو ســەردەمی مۆدێرنەوە، دەچێتەوە ناو مێژووی ژنەوە و پیاوانە لەو شکستەشدا قورسیی دەسەڵاتی خــۆی و جۆرێک لــە زەبری خۆی نیشــاندەدات لە ڕابــردوودا، هەمــوو ئــەو هەوڵانــە باســدەکات کە داویەتــی لە پێناو ڕزگارکردنیدا، کەچی ســەرەنجام جگــە لە جێهێشــتن هیچی لێ چنگناکەوێت. شــاعیر هێشــتاش عاشــقە و هەمــوو شــتی لە دەســتداوە جەستە نەبێت، جەستەش لە لێواری لە ناوچووندایە بەهۆی بیرکەوتنەوەی بەردەوامی ڕســتەی (عەشق تەواو هێندە نابا هەموویت بیر دەچێتەوە)، ئەمە ئەو پەیڤەیە کە شــاعیر تووشــی بەردەوامیی شــیعری دەکات و نایەڵــێ هێشــتا کۆتایی بە شــیعر بێنێ، تا دەگاتە ئەوەی بریاربدات ســەردەمی بەســەرچووە ئەویــش بەهۆی گــوزەری کاتــەوە. هەرچەنــدە لە



شێرزاد حەسەن ـ ڕێبوار سیوەیلی ـ دلاوەر قەرەداغی ـ هیوا قادر

بنەڕەتدا دەزانێ بەجۆرێک لە جۆرەکان سەردەمی عەشق بەسەردەچێت، بەڵام تەواو دەستبەردار نابێت و دەیەوێت لەگەڵ نەمانی خۆیدا تەواوبێ، بە واتایکیتر ئانی بیرچوونەوەی عەشق و تەواوبوونی، هاوکاتە لەگەڵ نەمانی ئەمدا، ئەم وەک تاک و لەگەڵ نەوەکەیدا کە شتێک لە خەون و ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتی لە ڕەگی ژیان و شیعریاندا ماوە، بەڵام بە نەمانی خۆیان کە هەڵگری عەشقن، خۆشەویستییش کۆتایی پێدێت:

نازانم بۆ وا هەستئەکەم لەگەڵ کۆچی نەوەی
من دا عەشق دەمرێ
نازانم بۆ وا هەستئەکەم لەگەڵ وەرینی پەنجە
سەرخۆشەکانی مندا
ئەوین مەستی ناو نامەکان دەدۆڕێنێ...

(٥، ل٦٢)

ئەوان نەوەیەکن، سەردەمە جیاکانی کوردستان و دەسەڵاتەکان و ناخۆشییەکانی میللەتەکەیان دی و بەرەو هەندەران ڕۆیشتن، لەگەڵ خۆیان عەشقیان برد و بەها کۆمەڵایەتییەکان، لە ئەوێش کولتورو فەرهەنگێکیان هەڵگرت و پێکەوە تەباییان بەرپاکرد دوای شلۆقییەکی ڕۆحی، بەڵام لە دوای ئەمان نەوەکانیدی، لە ئاوەڵایی و کرانەوی سنور و دەرگاکانەوە هەموو شتێکی ئەو سەدەیەیان فەرامۆشکرد و لە هەوڵی بنیادنانی ژیانێکی جیاواز دان کە بەشێکی کەمی بەهای سەردەمی پێشووی پێوەیە. ئەمەش تەنها نیشاندانی جیاوازیی نەوەکان نییە، بەڵکو لەگەڵیشیدا کوشتنی ئەوینەو وەلاخستنی عەشقی سونەتییە کە ڕەسمی نەوەی ئەمانە، پیاوانی ئەو نەوەیە ئازادییاندا بە ژنان و لەبەرامبەریدا ژنانیان لە دەستدا. سیوەیلی بە زمانێکی گازندە ئاسا وێنەی ئەمە نیشاندەدا. ئەگەرچی دەنگی کزە و خەمبار، بەڵام بێبەش نییە لەو تۆنە پیاوانەیەی کە بەردەوام قسەکەرە لە کۆمەڵی کوردیدا بۆ بەچاودا دانەوەی ئەو شتانەی کە بۆ ژنیان کردووە، ئەو دەنگە ڕاستەوخۆ سیوەیلی نییە وەک تاک، بەڵکو پیاوگەلێکن کە ئازادییەکانی ژنان بە بەرهەمی ئەرک و ماندوو بوونی خۆیان دەزانن:

قفڵەکانی لەش و ئەڵقە ڕیزەکانی فڕین
بە دەستەکانی من شکان
لە گەروی ئەو ئەژدیهایە دەرمهێنای
ساڵەهابوو لە تاریکترین قوژبنی ئافرەتبوونا
منداڵیەکانتی قووت ئەدا

(٥، ل١٠٠)

وتنـەوەی ئەمانـە بـۆ ئەوەیە بـە ژن (کە هەم یـارە و هــەم دایکە و هەم مرۆڤ) بڵێن ئەوەی ئێمە نەتدەینـێ وەک ئـازادی وەک دوو باڵ بۆ فڕین، تۆ هیچ نیت. لەبەرامبەریشیدا هەر خۆیان بڵێن ئەوەشی تۆ نەماندەیتێ لە بەهای ژیان، سـۆز، باوەشێک بۆ مانەوە، ئێمە هیچ نین..!!

سـیوەیلی لـە ناو پرۆسـەی شـیعردا بە دوای خۆیـدا دەگـەڕێ تـا سـەرەنجام شـیعرێکی پڕ لە خودیتـی دەئەفرێنـێ، لە ڕوانگەی ئەم قەسـیدەوە هیوا قادر ڕای وایە کە زۆرینەی شیعرە جوانەکانی دونیـا، شـیعرە زاتییەکانی خۆیانـن، (٤، ل١٩) هەر بۆیە ڕەنگدانـەوەی ئەم خودییەش لە شـیعرەکانی خۆیدا بەدیدەکرێ و زۆرینەی شـیعرەکانی سێوی سوور پێکدەهێنێت، لە شیعری (پۆرترێتێک کاڵ کاڵ وەک شـەبەنگ)دا بـارە خودی و سـۆزدارییەکانی خۆی باسـدەکات و ناخی دەبێتە گۆڕەپانی شـیعر و دوالیزمەکانـی دەرونی دەسەوەسـانن لە ئاسـت گوزارشتکردن لە عەشقدا.

هێندەی ماسییەک فەمبارم/ هێندەی گوڵێکی
ئاڵیش شاد/ بەقەد دەنکێک هەنار دڵم تەڕە/
هێندەی مورویەکی شینیش دڵڕەق
(٩،ل٦٤)

هەمـوو دەربڕینێـک دەلالەتـە لە خـودی خۆی و پەیڤـەکان دەکاتـە خولقێنەری وێنـەی هونەری، تاکو سـەرجەمی وێنە جوداکانی شیعر وێنەیەکیدی پێکدەهێنـن کـە وێنـەی خۆیەتـی، خودێک کـە لە بنەڕەتەوە شیعر لە خزمەتیدایەو خۆیشی لە خزمەت وشـەکاندایە، بەو پێیەی وشەکان دەتوانن دەلالەت بـن لە ئـەم، ئەمیش لە قاڵبیان بدا و بیانخاتە سـەر ئیقاعی شـیعرەوە تا لە چاڵایی شـیعردا دوا وێنەی دروست بوو دەبینین کە خودی شاعیرە و دەڵێ:

من پیاوێکم لە هیچ/ من پیاوێکم لە وەهم/
چەند تنۆکێکم لە مۆم/ چەند جێ پێیەکم لە بەفر
لە سەحرا/ خوێنێکم ڕژاو بێ دەلیل، بێ مەئوا.
(٩، ل٦٥)

کۆتایی شـیعر زۆر جار ڕاستەقینەی دەروونی شاعیرە کە لە ترۆپکی باڵاییەوە بەرەو شاردنەوەی منـی ئاشـکرا دەچـێ، بـەڵام بە کشـانی شـیعر و ڕووتبوونەوەی شـاعیر لە خەیاڵدا، بـەرەو بێباکی دەچـێ و دەگاتە ترۆپکی خودناسـی و لـە دامێنی شـیعردا چڕیدەکاتـەوە و دەریدەبڕێـت. ئەزمونـی شـیعری هیـوا قـادر لـە خودییەتـدا و لـە بازنەی هەستیاریی خۆشویستندا بە چەشنی ڕێبوار سیوەیلی تێکشکاوت نییە، بەڵکو ئەزمونێکی عەشق هەڵگرتووی ئایندەییـە، چرکەسـاتی شـیعر کاتـی گوڕینەوەی بەردەوامی خۆشەویستییە بەبێ نیشاندانی زەمەنی لە دەستچوون. لە شیعری (ڕۆژێک لەم شارە کچێکم خۆشەوێ) چرکەساتی سەرهەڵدانی خۆشەویستییە کـە پێویسـتی بە گـوزەری کاتە بۆ چەسـپاندن لە خـودی خۆیدا، کەشـێکی ڕۆمانسـی فەراهەمبووی دێنێتەوە کە ناونیشانی شیعرەکەی پێتەواودەکات و بە سوڕی خۆی دەگەیەنێتەوە، بەڵام لە شیعری (کە با هەڵیکرد نامەیەک بنێرە)دا شـاعیر لە سـەردەمی خۆشەویستیی خۆیدا و هیچ ئاماژەیەک نابینرێت کە گوزارشت لە قەیرانی عەشق بکات، بەڵکو بەردەوام لە پەیوەندیی عاشقانەدایە.

بە شـێوەیەکی گشـتی بوونی عەشـــق لای هیـوا قادر پەیوەسـتە بە جوانییـەوە، جوانی وەک ئـەو چەمکەی کە سـەرچاوەی هەمـوو بەهاکانە و لەوێـوە شـتەکان ماناوەردەگرن، لە نێـوان هەموو ناشرینی و بێبەهاییەکدا جێیەک هەیە هی جوانییە و پێویستی بە درک کردن و دۆزینەوەیە. هەندێ جار لە ناو شتگەلێکی ماددی بچووک و یان ئاماژەیەکی پەراوێزدایـە. کاتێک ئەوە دەدۆزرێتـەوە کە هێزی عەشـق بـاڵا بێت، عەشـق لـە مانـا فراوانەکەیدا و دواتـر تەسـکبوونەوەی تابەردەم یار. دەسـەڵاتی عەشـق بەخشـێنەری چاوێکـە بۆ فراوانـی ڕوانین و خۆشویسـتن بـێ گوێدانـە جیاوازییـەکان، بـێ سـنوردانان و پۆلێنکردنـی شـتەکان، وەک ئەوەی عەشق لە سەرو موعجیزەوە کار بکات و بەرپاکەری ئاسایشی ڕۆحی و پێدەری ئاسودەیی بێت. کۆمەڵێک

له بەها مرۆڤی و کولتوری و فەرهەنگییەکان پەیوەست دەکرێنەوە بە خۆشەویستییەوە و دەبنە پێکهێنەری بنەمایەکی پتەو بۆ خۆشەویستی و عەشق، ئەم عەشقە لە ڕێزگرتنەوە سەرهەڵدەدات و بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئاست ڕامانەکان لە جوانیداو قووڵدەبێتەوە تا وەرگرتنی مانای گەورەتر، ئەوسا شاعیر لەسەرو هەموو ئەمانەوە و وەک مرۆڤێک بڕوای تەواوی بە جوانی دەبێت و بە دیدێک لە جوانی دەڕوانێت (کە سەرچاوەی یەکەمی عەشقە) دەتوانێت دونیاو مرۆڤایەتی ڕزگار بکات، لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی کتێبی (ئەوەی دونیا ڕزگار دەکات جوانییە)دا، لە گرنگیی جوانی دەدوێت و جوانییەکانی ئەفرێنراوی دەسەڵاتی یەزدان و جوانییەکانی خودی یەزدان بە دوو جەمسەر دەزانێ کە بێ ڕوانیینە یەکێکیان و درککردنی، هەستکردن بەوی دیکەیان مەحاڵە، لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەگەر پێت وایە خودا خەلقکەری هەموو جوانییەکانە، ئەوا هیچ نەبێت دەبێت حورمەتی ئەو جوانییانە بگریت کە خودا خاوەنییەتی، یەکێکیش لەو جوانییە هەرە دیارانەی خودا ئینسانە، کەوایە حورمەتگرتنی ئینسان بۆ خۆی، حورمەتگرتنی داهێنانە جوانەکانی خودایە، دیارە ئەو حورمەتگرتنە تەنها ئینسان ناگرێتەوە، بەڵکە هەموو گەرد و بوونێکی سەر ئەم ئەستێرەیە و کۆی کەون دەگرێتەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر بوونی ئینسان هەیە)(١٠، ل١٥٠) هیوا قادر دیدێکی سۆفییانەی هەیە بۆ عەشق و جوانی. جوانی شتێکە لای شاعیر جگە لەوەی دەتوانێ حورمەتی شتەکان بپارێزێت، هاوتا دەبێتە بۆتەیەکیش بۆ توانەوەی بەها مرۆییەکان. ئیبن عەرەبی گەورە سۆفیی ئیسلامی لە نێوان عەشق و جوانیدا پەیوەندییەکی پتەو دروستدەکات، پێیوایە عەشق بەهایەکی سەربەخۆی نییە بە تەنها، بونیادنەری عەشق جوانییە. دیدگای ئەم سۆفییە تەنها لە ڕوانگەی ئیسلامەوە نییە، بەڵکو عیرفانیەتێکە خودا بە جوانترین دەزانێ و عاشقانی دەیپەرستن و دەیکەنە مەعبود و مەحبوب و مەعشوق، لەبەرامبەر ئەمەدا بەوهۆیەوەی سەروکاری لەگەڵ مرۆڤدایە، ئەویش بە جوان دەزانێت، چونکە دروستکراوی یەزدانە و بە جێگری خۆی دایناوە لەسەر زەوی، کاتێکیش یەکێک جێگری ئەو خالقە جوانە بێت، پێویستە جوان بێت وەگەرنا ئەو شوێنەی پێ ڕەوا نابینرێت، لێرەوە خودا ئافەریدە و جێگری خۆی خۆشدەوێت، ئەوانیش خودا و دواتریش لە سوڕێکی بازنەییدا بەندەکانی خودا.(١، ل١٣٤)

وێنەی عەشق لە شیعرێکیدا بە ناوی (خودایە، ئەم دڵتەنگییە تا کەی)(٩، ل٦٢) وێنەیەکە جودایە لە دوو شاعیرەکەی دیکە، ڕوانینێکی تایبەتییە و هەڵقوڵاوی ئەزمونێکی خودییە. لەو شیعرەدا شاعیر لە نێوان مەرگ و ژیاندا خۆی و تەنهایی شکدەبات، چرکەساتی هۆنینەوەی شیعر دڵتەنگییە و دووڵی لە نێوان سنورە بە یەکداچووەکانی مەرگ و ژیاندا، خۆی بە هەڵواسراوی لەو نێوەندەدا ماوەتەوە و توانای جیاکردنەوەیانی نییە. ئەم دوو چەمکە بەیەک چەمک دەزانێ و دەیەوێ جوانییە بچووکەکانی پێببەخشن کە بەختەوەریی گەورە بۆ شاعیر دێن، لێرەوە کۆمەڵێک وردە وێنە دێنێت، وێنەی ئێستاتیکی کە پڕن لە هەست و جووڵەو بزاوتن، لە دەنگ و ڕەنگ. لەم وێنانەدا شاعیر سیفات دەبەخشێتە هەر شتێک کە جێگەی تێڕوانین بێ لەلای ئەو، لەوێشەوە دەیەوێت ژیان و مەرگ ئەو سیفەتانە ببەخشنە ئەم کە وەستاوە بە تەنها لە ناو دردۆنگیداو توانای دەربازبوونی نییە لێی:

پڕمکە لەنوور ئەی مەرگ، ئەی ژیان/ پڕمکە
لە و غەزەبەی کە خەیاڵ دەیگرێ لە شێتی/
پڕمکە لە ئاوی دەرپەڕیوی نارنج/کە ئاو
دەزێنێتە سەر شووشەی نیگای چاو بۆ خەیاڵ/
پڕمکە لە دەنگی تەقینەوەی خونچە، پڕمکە لە
دەنگی تروکاندنی گەڵا....
پڕمکە لە ئازاری شەق بردنی هەنار/ لوتم
پڕکە لە بۆنی بغورد، لە کزەی مۆم، لە بۆنی
بەی/ تازە من سەرفی نەزەر لە عەشق ناکەم
عەشق بە تەنهایی ناوێرێ/ چ تەنهاییەکە

عەشق خودایە/ چ تەنهاییەکە ژیان، چ
تەنهاییەکە مەرگ

(٩، ل٦٣)

ئـەو وێنانـە هەمـووی لە خزمـەت نیشـاندانی چرکەکانی عاشـقبووندایە، گەرچی تا کۆتایی شیعر لـە عەشـق نادوێت، بـەڵام دوابـەدوای وێنەکان و داواکردنی ئەو هەیەجان و جوڵە و گومانە لە ژیان و مەرگ، ئەوسـا عەشق دێنێتە ناو شیعرەوە و لەگەڵ مـەرگ و ژیانـدا بەهـۆی تەنهاییـەوە بەیەکیانەوە دەبەسـتێتەوە. ژیان تەنهاییە، مـەرگ تەنهاییە، لەو نێوانەدا عەشق هەیە کە سەروەری هەموو شتەکانە ئەویـش دیسـانەوە تەنهاییـە و ناتوانێ ڕەهـات کات لـە تەنهایی، چونکە خودی عاشـق سـوهراب وتەنی(هەمیشە تەنهایە).

خودییەتـی دلاوەر قەرەداغی تەنهـا خودییەکی پەتی نییە، بەڵکو سەکۆیەکە بۆ ڕوانین لە خودەکانی نزیکی، هەر ئەمەش دەبینین زۆرترینی شیعرەکانی پێشکەشی ئەو دۆسـتانە کردووە کە پێویستیان بە گێڕانەوەی خۆیانە و ئەم دەیانگێڕێتەوە، خودییەکانی لـە گەڕانەوەی نێـو یۆتۆپیاکانیـدا دەردەکەوێ کە دواتر بە درێژی لە بارەیەوە دەدوێین.

دەڵێی لە زەریاوە هاتوم
دەڵێی لە باخچەوە
لە ئێوارەی تەڕی شەقامەوە
لە داڵغەی گەیوی بەهێیەکەوە

(٣، ل٢٢٣)

خودییەتی دلاوەر پڕە لە ساتی هەستی، بەوەدا لە سیوەیلی خۆی جیادەکاتەوە هەستیانە و ڕۆمانسیانە باری ڕۆحی خۆی دەگێڕێتەوە و پێویسـتی بە فکر و فەلسـەفە نییە، لە کاتێکدا سـیوەیلی لەگەڵ باری خۆیـدا، بـاری هـزری و گۆڕانەکانی ئەزمونیشـی دەگێڕێتـەوە. هەروەهـا هیـوا قـادر خود بـە هۆی زمانی بەوێنە و هونەریی شـیعرییەوە لە ئاسـتێکی بـاڵای هەسـتیدا دەگێڕێتەوە، ئـەوەی زۆر بەرچاو بێت لە خودێتی ئەم سـێ شـاعیرەدا ئەوەیە، لە پاڵ جیاوازییە بەرچاوەکانیاندا لێکچوونێک هەیە ئەویش بەبەهـاوە ڕوانینە بۆ خود و کۆنتاکتـی بەردەوامە لـە نێوان خۆیـان و دەنگـی دڵیاندا. ئەمـان لەگەڵ هەموو باسـکردنێک و فراوانکردنی پانتایی شـیعر بـۆ بابەتە مرۆیـی و کۆمەڵایەتی و هەسـتییەکان، بەردەوام دەنگی خود ئامادەگیی هەیە و مینبەرێکی پێبەخشراوە، تا خۆی بگێڕێتەوە.

خودییەت و پەیوەسـتکردنەوەی بە عەشـقەوە لە شـیعری قەرەداغیدا، سـەرەتا وێنەیەکی کاڵەوە بـووە، لێرامانی وردیش ناتوانێ سـنورەکانیان لێک جیابکاتەوە. بـەڵام دواتر بەهۆی وەسـتانی زۆری ناو زەمەنی شـیعرەوە، هەسـت بە عەشق دەکرێ. ئەو کاتەی شـاعیر بگۆیە لە تێکسـتەکەدا، سـاتێکە شکسـتێک ڕووینـەداوە لە عەشـقدا، بەڵکـو دەمی پەیوەندکردنی عاشـقانەیە، خۆشەویستییەکە ئارام و بـەردەوام لـە شـیعردا دەردەکەوێـت و دەبێتـە چینێک هەستیی ناسک و ڕووی شیعر دادەپۆشێت، خۆشەویسـتی دەدرێت بە ئاشـنایان و دۆستان و هاوڕێیـان، عەشـقیش (بـە ئـەو) وەک نادیارێکـی شیعری ئامادەگی دەبێت لە دیوانەکاندا.

خۆشەویسـتی و عەشـق لە خـودەوە دەدرێت بەهەر شتێک و کەسـێک، هەمیشە سادەیە، عاشقە، بـەڵام تێراماو و تەنها. بۆ دەرخسـتنی هەر بارێکی خـۆی کە بـەردەوام یـا منداڵیە یا تەنهایـی یانیش عاشـقی، وێنـەی کوردانـەی زۆر ناسـک دێنێتـە شـیعرەوە بـە دەربڕینێـک تـا زۆری و فراوانیـی ئەو بارە لە خۆیا یان شـتێکی پەیوەسـت بە خۆوە نیشـانبدات وەک (جمەمدێ لـە منداڵی، پڕ پڕ بێ لە لێزمەی هەنسـک، پڕپڕ بێ لە هاژەی چاک و چۆنی، شـەڵاڵ لە کرانەوە، تەنراو بە چاوەڕوانی، تژی لە ڕۆژبوونەوە، سیخناخ بە مین، لێوان لێو لە تەنیایی، لێوڕێژ لە ژنان زیرکردوو، تا ئەوپەڕی وەڕس بوون، پڕ لە گڤەی تەنیایی، پڕاوپڕی ڕوانین...) هەموو ئەم دەربڕینانەو زۆری دیکەی وەک (لۆژ لۆژ، کاڵ کاڵ، تەڕ تەڕ، سپی سپی) بەکاردێنێ تا مەبەستی پڕاوپڕ بپێکێـت و ببێتە هۆی نیشـاندانی ئەو بـڕە زۆرەی هەست و ئیحساسی بەرامبەر بە ژیان و یادەوەری

و کەشە سۆزداری و ڕۆحانییەکانی.

لە شیعرێکی دا دەڵێت:

لە عیشقا.... هەڵدەلەرزم
لە عیشقا....ئەریکە ڕەق ببمەوە
لە عیشقا....دووگیانم بە ترس
لێوڕێژ.... لە مردن
لە عیشقا....شەلاڵم لە نهێنییە جوانەکان
لرفەم دێ لە پەشیمانییە چکۆلەکان
(٣، ل٨٠)

لە عەشقدا شتە واتاییەکان بەرجەستە دەکات و وێنەی تاک بەرهەم دەهێنێ، بە پڕی عەشق نیشاندەدات و وەک هەواڵێک باری خۆی ناگەیەنێ و تەنها بڵێ عاشقم، بەڵکو باری خۆی لە عەشقدا دەگێڕێتەوە کە پڕە لە ساتی هەڵچوون و بزاوتن و گەرمی و ساردی و هەموو شلۆقییەک کە دەبێت عاشقێک هەیبێت.

ئەگەر بمانەوێ ئەزمونی هەر سێکیان نیشانبدەین لە خودییەت و عەشقدا، پێویستمان بە جیاکردنەوە و هێڵکارییەک دەبێت وەک لەلای خوارەوە دەبینرێت:

ئاڕاستەی هێڵی شیعری سیوەیلی، بەهۆی هەستە خودییەکانییەوە لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوامدایە، ئەو کاتانەی لە ڕێگەیەکدا بەتەریبی لەگەڵ بابەتێکی زۆر خودیدا ڕێدەکات، چاوەڕووانی لێدەکرێت بە هەمان ڕیتم بگاتە خاڵێک کە بۆی ئاراستە کراوە، بەڵام بەر لە گەیشتن ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت و دژبێژیانە ڕوودەکاتە خاڵێکیترو گوزارشتەکانی بە ئاقارێکدا دەبات، تا تەواو پەشیمانیی خۆی دەربڕێ لە ئاست هەر وتنێکی پێشینەییدا. ئاوێتەیی پەشیمانی و خۆشەویستی، هاوتا ڕاڕایی لە نێوان هەڵبژاردندا، وادەکات هێڵەکان بە پەرشی ئاڕاستە بکرێن، تۆنەکانی دەنگی لە یاریکردنێکی بەردەوامدا بن، ئەمەش دەبێتە هۆی ترازانی شیعری وتراو و وتنی وێناکراوی زەینی خوێنەر، سەرەنجام خۆدانە دەست شەپۆلی شیعری بێ چاوەڕوانکردنی ئەوەی کە دەبێت بوترێت. لێرەوە شیعری ڕێبوار سیوەیلی دەبێتە پانتاییەکی فراوان کە تەوژمەکانی وێنە و بەرزی و نزمیی ڕیتم دەستیان هەیە لە دروستکردنیداو خوێنەر لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە نێو زەمەنە جیاوازەکانەوە بێئەوی بیەڵن بێزار بێ لەو جووڵەو بزاوتنە.

جیاواز لە سیوەیلی شیعری دلاوەر قەرەداغی ئاڕاستەیەکی دیار و چەسپاوی هەیە، زەمەن ئێستایە و ڕابردوو، هێڵی شیعری بە دوو ئاڕاستە کاردەکات. لە ئێستادایە و تەریبە لەگەڵ خودی گێڕانەوەدا، یاخود لە ئێستاوە بەرەو ڕابردوو شۆڕدەبێتەوە و لەوێوە سنوری شیعریی فراواندەکات، بە یەک ڕیتمی ئارام دەنگی دەردەخات، سەدای دلاوەر بەردەوام ئارامە، گۆڕانی زەمەن و لەدەستدانی شت و کەس و نەهامەتییەکانیش، لەو ئارامییەی کەمناکەنەوە، ئەگەرچی تۆنەکەی خەمبارو حەسرەتئامێز نیشاندەدات، بەلام نابێتە هۆی تۆڕەکردن یان بێزاربوونی.

هیوا قادر ئاڕاستەی شیعریی فرە زەمەنە بە چەشنی سیوەیلی، بەڵام بەوەدا لە سیوەیلی خۆی جیادەکاتەوە، هێڵی گێڕانەوە بەردەوام لەگەڵ خود دایە و زەمەن لە شیعردا دەچەسپێت و تەک ڕێرەوی لە دەقێکدا دێنێتە ئاراوە، ئەمەش شیعرییەت لە ناو خودی خۆیدا ڕادەگرێت لە بەردەم ئەزمونێکی تەواو کامڵبوودا کە لە دوا قۆناغدایە بۆ بوونە وێنەی شیعریی. ڕیتمی هیوا بە شێوەیەکی گشتی نەرمە، بەلام لە هەندێ جێگەی پڕ لە سۆزدا تۆنەکەی بەرزتر خۆ دەنوێنێت و گێڕانەوەکان ئاڕاستەیەکی کەمێک خێرا وەردەگرن بۆ دەربڕینی خۆیتی.

هەستی خودیی ئاڕاستەی تەریبی هێڵی شیعریی
گۆڕینی ئاڕاستەکان لە زەمەنە جوداکاندا
هێڵکاری خودییەتی شیعری ڕێبوار سیوەیلی
هەستی خودیی ئاڕاستەی تەریبی هێڵی شیعریی
ڕابردوو - ئێستا
هێڵکاری خودییەتی شیعریی دلاوەر قەرەداغی
هەستی خودیی ئاڕاستەی تەریبی هێڵی شیعریی

ئاڕاسەی شیعر بەپێی دەق
هێڵکاری خودیەتی شیعری هیوا قادر
هێڵکارییەکانی لای سەرەوە نیشاندەری جیاوازبوونی هەرسێ شاعیرە بەهۆی هەستە ناوەکی و هۆکارە دەرەکییەکانی ناو ژیانیانەوە، جیاوازییەکان لە ناخەوە سەرهەڵدەدەن و شیعرییەت دەگرنەوە و لە ڕیتم و تۆن و هەڵکشانی شیعردا خۆی دەبینێتەوە، ئەمە وەک جیاوازی وەک نزیکایەتییش هاوشێوەیی ئەم سێ شاعیرە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بە هەموو ماناکانییەوە، لە ڕابردووشدا بۆ سەردەمێک کە منداڵییەکانی ئەمانە. هەرسێ شاعیر بەجۆرێک خۆشەویستییان بۆ منداڵی هەیە، بە دوای ئاوێزەی منداڵییەوەن تا بە چاوێکی ڕەنگاڵەوە ژیان ببینن، خەون دەبیننەوە خۆیان لە کۆڵانەکانی منداڵیدا دەدۆزنەوە و لەوێوە دەستدەکەنەوە بە ژیان لەدوای هەموو ماندووبوون و بێزاربوونێک قومێک ئاو لەو کۆڵانە باریکانەی منداڵیدا دەخۆنەوەو وێنە پەرتبووەکانی خۆیان لەوێ بەیەکەوە دەبیننەوەو خۆیان دەدۆزنەوە. گەڕانەوەی منداڵی بە پێی زانایانی دەروونناسی (دوو مەبەستی تێدایە، یەکەمیان هەڵاتنە لە بارودۆخی ناهەمواری کەسەوە بەرەو دواوە بۆ قۆناغێکی بەسەرچووی تەمەن، کە تیایدا هەستی بەسۆز و خۆشەویستی و بایەخی پێویست کردووە، دووەمیشیان بژاردنەوە و بەسەرکردنەوەو دووبارە پیاچوونەوەی قۆناغێکی تەمەنێکی بەسەرچووی کەسە، کە لە کاتی خۆیدا وەکو پێویست بەسەری نەبردبێت و لەزەتی خۆی لێ نەدیبێت).(٧، ل٨) خاڵی یەکەمیان بە جۆرێک لە جۆرەکان سیوەیلی و قەرەداغی دەگرێتەوە، خاڵی دووەمیشیان هیواقادر بەتایبەت لە شیعری (منداڵیم بەنەوە)دا. دواتر هەریەکەیان و لە شوێنی خۆیاندا قسەیان لە بارەوە دەکەین.

کاتێک ڕێبوار سیوەیلی بۆ منداڵی دەگەڕێتەوە، بریتی نییە لە تەنها هەستێکی قووڵ و پڕ خۆشەویستی بۆ ئەو ماوە و تەمەنە تا بیەوێ بەهۆی هێنانە ناو تێکستەوە ڕۆمانسییەت بنەخشێنێ، بەڵکو گەڕانەوەی بە فلاشباگ دەبێت لە شیعردا. دەگەڕێتەوە بۆ ساتێکی واقیع کە منداڵی ئەوی تێدا گوزەراوە، مەودای خەیاڵ تەنگ دەبێ و شیعر ناتوانێ ئەندێشەی منداڵیەک بکات کە شاعیر دەیەوێت هەیبێت، لە بری خەیاڵ زمانی یادەوەری دێنێتە گۆو تۆماری منداڵیەکانی لە پەرتووکی شیعردا ئەنجامدەدات.

لە ئۆکتۆبەردا دەوەستم و دەگەڕێمەوە بۆ منداڵی
بەردەم فرمێسکەکانی دایک
بەردەم موسوڵمانییەکانی باوک
کە هەرگیز قورئان و دیوانی مەحوی لێک جیانەکردەوە

(٥، ل٤٢)

وەک مەودای خەیاڵ تەسکدەبێتەوە لە بەرامبەریدا زمانی شیعر پتەو دەبێ و دەلالەتەکان قووڵ دەبنەوە بۆ ئەم منداڵی نیشاندانەو لە ڕێگەیەوە پەسنی دایک و باوک و خوشک و هاوڕێ و هەموو ئەو شتانە دەکات کە جیهانی بچووکی منداڵیێک پێدەهێنن و بە چاوی گەورانەی ئێستاوە شۆڕدەبێتەوە بۆ بچووکیی ئەوسا، پەی بە هەموو نەزانراوەکانی ئەوسا دەبات و لە ڕێگەی زمانێکی ئاوەڵناوییەوە ئێستا دەخاتە ڕوو.

کاتێک دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانە هەبووە، کە لەگەڵ تاکەکاندا تێیدا ژیاوە، ناچێتەوە بەردەم خودی خۆیان، بەڵکو دەڕواتە لای ئەو سیفەتانەی کە وێنەی ئەوانیان لای ئەم نەخشاندووە (فرمێسکی دایک، موسڵمانیی باوک، میهرەبانیی خوشک، هەڕەشەی فەڕاشی مەکتەب) وەک ئەوەی یادەوەری ئەستەم بێت بە لایەوە ئەمانە فەرامۆش بکات کە بونیادنەری ڕوانینی ئەم بوون بەسەر ئەو جیهانەدا (ژووری زیندەوەرزانی، حوجرەی تاریک) ئەمانە هەمووی وێنەی لێکترازاوی زەینی ئەون کە سەرجەمیان نیشاندەری کەشێکی منداڵی دۆستانەی شیعرین، کەشێک کە ڕوانینی منداڵێک پێکیهێناوە و گەورەی هاندەدات تاکو خۆی بدزێتەوە لە ئێستای و بێتەوە بۆلای خاڵی سەرەتا بۆ فەرمانی یەکەم

فێربوون (اقرء).

منداڵی تەنها لە خودییەتدا ڕەنگناداتەوە و ئاوێتەی ئەزموونی تاکەکەس نییە لەلای ڕێبوار سیوەیلی، بەڵکو لە جێیەکی دیدا بابەتێکە و پێویستی بە خوێندنەوە و لێرامانە و پرسیارێکە و وەڵامەکەی شاعیر تووشی گێچەڵی شیعری دەکات. ئەمە لە یەکێک لە کورتە شیعرەکانیدا بە ڕوونی دیارە:

ئاخ منداڵی!

چ نیشتمانێکی بێ سنوری

بەهەر لادا سەیرت دەکەم

بە چەندەرمەی گەورەبوون دەورە دراوی

(٥، ل١٥٦)

منداڵیەکەی دەبێتە هەبوویەکی گشتێنراوی قسە لەسەرکراو و پەیوەستی شاعیر ناکرێتەوە و گۆڕان لە ناخدا هەڵدگرێت و لە کاتەوە دەبێت بە شوێن و بەرامبەر بە واتای گەورەبوون دادەنرێ، گەورەییش لە کاتەوە دەبێت بە کەس، بە واتایەکیتر منداڵی شوێنێکە و زادگای شاعیرە و سەنتەری مانەوە دیاریکردنی شوناسە و لە باوەشگرتنی تاکە و هەڵگری خەسڵەتی نیشتمانە، بەڵام بە بێسنور، ئەم نیشتمانە بە وەهمی گەورەبوون دەورە دراوە، سنوری نەبووی بۆ دیاریدەکرێ و گەورەیی کە (هێزی) کەسە دێتە وێزەی نیشتمانەکە (منداڵی) و لە کاتێکی نەزانراودا شالاوی بۆ دەبا و دەیکاتە موڵکی خۆی، لێرەدا گەورەیی کە کەس بووە دەبێتە لێسەنەرەوەی ماناکانی نیشتمان و نیشتمان تەنها وەک سنورێکی بێ مانا دەمێنێتەوە کە گەورەیی خۆی تیا دەسەپێنێت و خەسڵەتی خۆی دەداتێ و دەیکاتە هاوڕەنگی خۆی...

منداڵی لە شیعری هیوا قادردا لە شێوەی خاڵێکی دوورە دەستدا دێتە گۆ و لە شیعردا دەبێتە نیشاندەری پرنسیپەکانی ژیانێکی خەیاڵیی ماوەیەکی تەمەن، ئەم ماوەیە زەمەنی خۆشی و ئارەزوو و سادەییەکانی ئەمە کە هەنوکە بەهۆی لە دەستدانییەوە، نەتوانین بۆ چنگکەوتنەوەی، پەلوپۆی خەیاڵی درێژتر دەکات تا بتوانی بیگرێتەوە، ئەوەی کە زیاتر ئەم سێ شاعیرە لەم تەوەری منداڵیەدا خەمباردەکات، ئەو لەدەستچوونە مەعنەوییەیە کە وەک ئەوەی ناتوانرێت بە دەستبهێنرێتەوە لەگەڵیشیدا هیچ شتێک جێگەی پڕناکاتەوە، هاوکات تەنها بە مەعنەوی بوونی ئەو شتەنییە کە دەستکەوتنی ئەستەم دەکات، بەڵکو بەسەرچوونی ماوەیەکە لە پلەبەندی ژیاندا تایبەتە بە کاتێک و لەگەڵ تەواوبوونی سوڕی خۆیدا، بەهیچ جۆرێ ناتوانرێ وەگیربهێنرێ و وەک دڵۆپێک ئاو ڕۆدەچێتە زەویی ژیانی تاکەوە، تەنها لەڕێگەی یادەوەرییەوە دەتوانرێ بهێنرێتەوە بەردەم خود، لە شیعری (یۆتۆپیا)دا چەمکی منداڵی لای هیوا بەهۆی وێنەی زەینی دەستپێکەشتوەوە دەستنیشان دەکرێت، لەم شیعرەدا بەهۆی وشەی منداڵیەوە پێدەنێتە ناو شیعرەوە (منداڵیم بەنەوە، منداڵیم بەنەوە دەستی خۆم(١٠، ل٥١)و بە دەربڕینێکی داواکارییانە دەستپێدەکات، وێنەی منداڵی شتێکی بەرجەستەی لێسەندراوە، نەک وادە تەواوبوو، کاتێک بەم گەورەییەوە بە هەستی منداڵانەوە ورک دەگرێت و خۆی بێ توانایی لە ئاست ئەو زەوت کردنەدا ڕووی دەمی دەکاتە ئێمە و ئەوانەوە بە گومانە لەو لەدەستدانەو و دەیەوێ بیدرێتەوە، لە ئەگەری دەستکەوتنەوەدا، منداڵی بەشێوەی هەیکەلی، ئەوسا دێتە ناواخنی منداڵی و پراوپڕی ئەو زەمەنە داواکاری هەیە، تا ئەو مانایە بەرجەستە بکات کە بڕیویەتی و ئەو مانایەشی بخاتە سەر کە لە زەینیدایە بەرامبەر بە منداڵیی. دوای ئەوەی منداڵیی دەدەنەوە ئەوسا دێ و دەڵێ دەی وەک منداڵێک ئامادەمکەن و بەر لە ناردنە خوێندنگە ڕێکمخەن، بەس کردارەکانم بەخۆم بسپێرن، خۆم بڕیاردەدەم و یاخیانە ڕێگەی خەیاڵ دەگرێتە بەرو خۆی دوور دەگرێت لەو یاسا چەسپاوانەی کە دەبێت منداڵێک پەیڕەوی بکات. بیرێکی پەنهانیی لەم منداڵی دۆستەی شاعیردا سەردەردێنێ (ئازادبوونی بیری منداڵی) دوای ئەو سنوردارکردنەی دەیەوێ ئێستە مەراقی خۆی بڕژێت و بەهۆی خواستەکانیەوە ڕزگاری بێت لەو سنوردارییەی منداڵی، واتە بەهۆی ئەم

منداڵیە وێنەکراوەوە بتوانێ منداڵی ڕەسەنی واقیعی ئازاد بکات.

خوێندنـــەوەی هیوا بۆ مامۆســـتا و قوتابخانە و کتێب، لە سنوری منداڵیدایەو لە ڕووکاری ترازانێک دەدوێ کـــە لەنێوان منداڵانی ئەوســـا و قوتابخانەدا هەبوو، چونکە پەیامداری و پرۆگرامێکی زانســـتیی دیاریکراو و لۆجیکی ویستویەتی منداڵیتی منداڵەکان رامبـکات و خەیاڵیان بخاتە ژێر ســـنوری خۆیەوە، زۆرێک لە نووسەرانی ئەم نەوەیە هەمان هەستیان هەیە بۆ مەکتەب و خوێندن..

ئەزمونـــی ئەم شـــاعیرانە لـــە منداڵیەکانـــدا لێک نزیکـــن، بەوپێیـــەی دەیانـــەوێ بگەڕێنـــەوە بۆی و بـــەردەوام لـــە زەینیاندا ئامادەیی هەیە، لە شـــیعردا ســـەدایان دوورە لەیەک، هەریەکەیـــان دیدی جیای هەیـــە لەســـەری. نووســـەری کـــورد بـــە جۆرێـــک خۆشەویســـتی هەیـــە بـــۆ منداڵی بەڵام بە شـــێوەی جودا، شـــاعیرێکی وەک بەرزان هەســـتیار کە باس لـــە خەمی لەدەســـتدانی منداڵـــی دەکات، بە جۆرێک دەینووسێتەوە کە بە تەواوی ئومێدی لەدەستنەداوە بۆ بـــە دەســـتهێنانەوەی، بـــە قەتعی باســـی ناکات، لـــە ڕێگەی وێنـــەی دوو ئاژەڵەوە پەســـنی دەکات و ســـیفاتی ئەوان دەبەخشـــێتە منداڵیی و گەورەیی و لـــە نێوانیدا هەوڵی بـــێ هـــودەی غەمبارانەی خۆی دەردەخات

ڕای کرد لە دەستم وەک تانجی، منداڵی
تێی تەقاند، وەک کیسەڵ دوای کەوتم

(٢، ل٩١)

ئەم وێنەیە وەک وێنەی ســـێ شاعیری باسکراو نییـــە لـــە فەزایەکی جـــوداوە هاتۆتە بـــوون، فەزای غەمباریی نیگەرانی و لە دەســـتدان، لە ناو پرۆسەی ئەو ساڵە نیگەرانییەدا منداڵی گۆشەیەکی هەیە نەک پێناسێکی تەواوی بۆ کرابێ.

هیـــوا قادر لاســـارانە منداڵی خۆی دەباتە ســـەر دەیەوێ بـــە ئەزمونێکی گەورانەوە بـــەرەو منداڵیی بڕوواتـــەوە و لەوێـــوە هەموو خەمەکانـــی یەکەمین منداڵیـــی لە دووەمین منداڵیـــدا کە دەیدەنەوە بهێنێتە دی، چونکە ئیدی ئەم منداڵیە هەمان ئەو منداڵیە نییە کە هەیبووە.

وێنـــەی منداڵی و ســـەردەمی ســـەرەتای تەمەن لای قەرەداغـــی دەبێتـــە کۆنترۆڵکـــەری هەمـــوو وێنەکان لەســـەرو مەبەستی شیعرییەوە دەڕووانێتە مەبەســـتەکان. دلاوەر ئەزمونێکـــی تـــاک شـــێوەی ئەدەبیاتـــی کوردی دەخولقێنێت و دەبێتە شـــاعیری منداڵیـــی. بـــە وشـــەگەلێک زمانی نووســـین دەخاتە گـــەڕ کـــە ببنە دەرخەری ئان و ســـاتی منداڵیی و لە هەموو گەورەییەکانی ئێســـتە ڕەهای بکەن، ئەمەش لەو شـــیعرانەدا بەڕووکار پیشتگوێخســـتنی ئێستایە لە پێناو دەرخستنی گرنگیدانی بە ڕابردوو، ڕابردوو لـــەو چوارچێوەیەدا کـــە منداڵیەکانی شـــاعیرە و بە خەونەکانیـــەوە پەیوەســـتە. ئەو ئێســـتا ڕەتناکاتەوە کاتێـــک بـــۆ منداڵیـــی دەگەڕێتـــەوە، چرکەســـاتی دەســـتپێکردنی ئەم ســـەفەرە، کاتی گـــەورەی ئەمە، واتـــە گەورەبوونی ئەمە وادەکات منداڵیی بهێنێتەوە بەردیدەی، ئەگەر ئێستا جێگەی سەرنج نەبوایە خۆی لێ غافڵدەکردو پرۆســـەی خەون و باسکردن لە ناو ئێستای منداڵیدا دەبوو نەک گەورەیی، بەڵام دلاوەر ئێستاشـــی گەرەکە بەو پێیە دەلاقەیەکە دەڕووانێتە کۆڵانێ کە منداڵیی ئەمی تێدا وەستاوە.

دلاوەر منداڵـــی گرێدەداتەوە بە شـــوێنەوە، ئەو شـــوێنە کوچە و کۆڵانە، پێناســـێکی قووڵی هەیە لە مەعریفـــەی شـــاعیردا، کـــۆڵان وەک نیشـــتمانەکەی ســـیوەیلی باسکرا، شـــوێنی بەســـەربردنی منداڵیە، مەودای کۆکردنەوەی دراوسێ و دوکاندار و منداڵانی دۆســـتە، کـــۆڵان هەڵچوونـــی واتایـــی وەردەگرێت بـــە ســـیمبولی مانـــەوەی ڕۆحییەتێک دادەنرێ کە کەناڵی پەیوەندییە بچووک و گەورەکانە لە سنوری پەیوەندیـــداردا. کۆڵان یەکەمین جێگـــەی هەڵهێنانی چاوی ئەمە بە ڕووی دونیادا، ئەم کۆڵانە بونبەست نییە و دەچێتە ســـەر کۆڵانەکانی دی، ئەمە کۆڵانێکە منداڵانـــی چەتونـــی تێدایە لێـــرەوە شـــاعیر دەچێتە کۆڵانەکانی دیکەی شـــار و کۆڵانە و کۆڵان شـــار لە شـــیعردا دەپێوێت، لە ئاستێکی قووڵی شیعردا شار

(سلێمانی) دەکاتە مەنزڵگەی یادە کۆن و نوێکانی و ئاشنایان و دۆستان بەسەر دەکاتەوە.

لە وشەی منداڵیی چەندین واتا دادەتاشێ تا لە رووە جیاکانەوە لێی وردبێتەوە تاک سەرنجی نەبێتە منداڵیەکی یەکرووی نیشاندراو (منداڵیەکی سەرتاپا تەڕ، منداڵانی ڕەنگاو ڕەنگی گەڕەک، منداڵتر لە تەڵی گیا، منداڵتر لە قومێ ئاو، لە خواردنی سێوێکی مزر، تۆ هەمیشە لە ڕەنگ و منداڵیەوە هەڵدەکەیت، گاگۆڵکێی منداڵیی.....).

کاتی لەدەستدراو لە شوێنێکدایە کە کۆڵانە، مەنفای کات لە ئێستادا دەبێتە هۆی گرنگی لەدەستدانی شوێن، چونکە بەهای شوێن لە پەیوەستدا بوو لەگەڵ منداڵیدا، کاتێک منداڵیی لە ناو دەچێت بەهۆی سەپێندراوی زۆرەملێی گەورەییەوە، ئەوسا شوێن بە تەنها ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و ماناکانی کاڵدەبێتەوە و وەک شوێنی نیشتەجێبوون ئاسایی دەبێتەوە نەک وەک فەزای منداڵیی تیا بەسەربردن، لە ئاستی باڵای وێنەکراوەوە دێتە ئاستی مانای فەرهەنگی.

منداڵ وەک تاک، تەوەرەیەکی گرنگی لێرامانەکانیەتی، منداڵ بونەوەریکە، بزۆکە، لاسارە، خەیاڵ پەروازە، ئەندێشە ڤانە، لە وێنەی گشتیدا، لە وێنەی تایبەتیشدا بە پێی پێگەی شیعر ڕۆڵی دەدرێتێ.

ئەو یادەوەرییەی کە ئەم بە چاوێکی گرنگەوە لێی دەڕوانێت، مەرج نییە ئەو منداڵیە بێت کە ئەم باسیدەکات، وەها جوان بووبێ، کەشی شیعریی و هەستیاریی مەنفیبوونی ڕۆح وادەکات کە بەو جۆرە شاعیر لە منداڵیی بدوێ. ئەدەبیاتی کوردی لەو جۆرە زیادەڕەویانەی فرەیە، نالی لە غوربەتدا دێت بەرامبەر بە پوچدانانی مەنفاو فەرامۆشکردنی، وێنەیەکی یۆتۆپیایی سەرزەمینێک دەکێشێ کە تێیدا ژیاوە. جگە لە جوانکردن و پیرۆزاندنی شارەزوورو سلێمانی کە دەکرێت برێکی کەم هەقیقەتی تێدابووبێ، کە باسی حوجرەکەی دەکات بە پیرۆزترین جێگەی زەوی دەداتە قەڵەم، ئەگەر ئاگاداری مێژووە بەرلەنووسینی شیعرەکەی نەبین ئەوا بڕوادێنین بە جوانییەکانی (هەرچەندە لە هەردوو ئاستی ڕووکارو ڕۆچوونیشدا جوانە) بەڵام ئێمە بەر لەمەنفاو لە ناو هەقیقەتدا ئاگاداری شیعری حوجرەکەیین.

مەنفای ڕاستەقینەو دووربوون لە شوێن و هەستی لە دەستدانی هەمیشەیی، وەها شیعرێکی پێدەنووسێ، ڕەنگە تەنها ئاستی شیعریی نەبێ، بەڵکو بڕواهێنانی بێت بە جوانییەکانی ناو ئەو ناشیرینیانەش کە لە نیشتمان و لە شوێنی لە دەستچوودا هەیبوو، شاعیر لە نەبووندا بۆ بوون دەڕوانێ، بوونێک کە ناکرێت خودی شاعیر بە جوانی لێینەڕوانێت و ستایشی جوانییەکانی نەکات.

بە چەشنی نالی، ئەو بابەتە لە منداڵیی دلاوەردا ڕەنگدەداتەوە. دلاوەر تا کرۆک منداڵیەکی جوان دەگێڕێتەوە کە کامەرانیی لێدەچۆڕێت، ئەم منداڵیە دوا قۆناغی کامڵبوونە کە ئامادەیە بۆگێڕانەوە، چونکە دەشێ لە زەینیدا و بەر لە کەڵەکەبوونی یادەکانی ئەم شێوەیە نەبووبێ و پێویستی بە گەڕانەوەی یادەوەری بێت تا بتوانێت ئەو وێنەیەی لێسازبدات ئەوسا بیهاوێتە شیعرەوە، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە بەهۆی مەنفای زەمەنەوە خۆی لە ئاستانەی تەنهایەکی تاقەتبڕدا ببینێتەوە، مەنفای شوێنی شاعیر کە ئەمەش بۆخۆی کاریگەریی دیاری هەیە لەسەر ئەم ڕەهەندە، لەگەڵ مەنفای زەمەندا، دەوری شاعیر دەدەن:

من کە نیشتمانم جێهێشت
خۆمم بەسەری شکاوەوە
لە کۆڵانەکانی منداڵیدا جێهێشت
شەوم بەسەردا هات و لە ناو بەردەکانا
مردم
دەزانم...تازە گەر خوداش لێمببورێ
خۆم هەرگیز لە خۆم نابورم

(٤، ل٦٥)

شاعیر نیشتمان جێدەهێڵێ و دەڕوواتە مەنفا (لێرەدا شوێن لە دەستدەدات)، لەگەڵ جێهێشتنی شوێندا خۆیشی جێدەهێڵێت، لە منداڵییدا، منداڵییش

ئەگەرچی بە شێوەیەکی تەواو بەهۆی گەورەبوونەوە لە دەستچووە، بەڵام لە ڕێگەی یادەوەریی ناو نیشتمانەوە دەتوانرا جاروبار بەیاد کرێتەوە، بەڵام دوور بوون لە شوێن، وا دەکات دوور بێ لە منداڵی و هەموو شت، بەمەش دەکەوێتە مەنفای شوێن و مەنفای زەمەنەوە.

## سروشت وەك دوا گێڕانەوە

ئەم شاعیرانە پەیوەستن بە سروشتەوە، سروشت وەک یەکەم پێگە کە بیریان تێدا کردۆتەوە و لە جوانییەکانی ڕاماون (ئەمان بە مانای مرۆڤی ناو سروشت) لە ناو شاردان و دەگەڕێنەوە بۆ ناو سروشت لە پیوەندییەکانی مرۆوە بەرەو جانەوەر و گیانداران دەڕۆن و برێک لە سیفاتی مرۆیی پێدەبەخشن، شار مەودایەکی تەسکە بۆ خەیاڵەکانیان و تەنها بەشی یادەوەری دەکات و ناتوانێ شتێ لە ئەندێشە ببەخشێ، ڕوودەکەنە سروشت و ونبوونی خۆیان لە کەشی شاردا لە ناو سروشت دەدۆزنەوە، هەر سێ شاعیر لە خودەوە دەستیان پێکرد و لە شیعردا ئەزمونیان گێڕایەوە، تا گەیشتنە ناو سروشت ئەوسا لە بەرینی ئەو مەودایەدا شیعریان فراوان بوو و بابەتگەلی مرۆیی و هەستی و کۆمەڵایەتیی گرتەوەو بووە دوا وێستگەی گێڕانەوە.

سیوەیلی لەسەرەتای قەسیدەکەیەوە پاش چەند پارچەیەک لە مەراقی شیعری لە پڕ وەک داچڵەکاندن خۆی دەکات بە ماڵی سروشتدا لەوێوە وێنەکان دێنێ، سیوەیلی دەیەوێ لە دوای شکستەوە دەسپێبکاتەوە، بەو شتانەی کە ڕەنگە بێ بەهابن لەلای ئێمە، بەڵام شتگەلێکن کە قەرەبووی شکستی ئەم دەکەنەوە، لە بچووکترین شتەوە تا قورسایی بیرە عەقڵانییەکان دەڕووات و دووداڵنە دەڵێت (..بەسە بۆ دەستپێکردنەوە) لەوێوە بیری دەڕوات بۆ سەرەتاکانی دەستپێکردن لای گیانداران (بۆق، کاریلە، تیمساح) و لەحیکمەتی دەستپێکردنی ئەوانەوە دەیەوێ خۆی بونیاد بنێتەوە، واتە سروشت ئەوەی دەیبەخشێت بە گیاندارەکان، ئەو شتەیە کە خاڵی سەرەتایەو بێ ئاگا بەلایدا گوزەراوین، بەڵام وەختێک کە ساتێک دێتە پێش و پێویستت بە پرۆگرامێکە بۆ دەستپێکردنەوە ئەوسا پەی بە حیکمەتەکان دەبەیت و ڕووی تێدەکەیت. هاوردنی هەریەکێک لە زیندەوەران و گیانداران بە خۆیان و ساتی باسکردنەوەیانەوە، هیچ نییە جگە لە خستنە گەڕی تواناکانی شاعیر بۆ زیاتر وەستان و بیرکردنەوە لەسەر چەمکی دەستپێکردنەوە لە سروشتەوە، کە هەمیشە سەرەتایە و ناگات بە کۆتایی.

دەزانم بە درەختێک بڵێم: گەڵایەکتم بەرێ
شۆڕ شۆڕ ئەیداتە قاقا و دەڵێ(جا..ها..لقێکم بەرە)
تێفکرین لە وەڵامی درەخت بەسە بۆ
سەوزبوونەوە.

(٥، ل٢٦)

لە شیعرەوە دەڕوات و دەگاتە بەردەم بە مرۆڤکردنی ئەو خشۆک و زیندەوەرانە بەهۆی بەخشینی سیفاتی مرۆییەوە (تشخیص)، ئەمەش نیشانەی یەکڕوانینە لەسەرجەم هەبووەکانی زەوی و هەڵهێنانی قەدەمێکی عیرفانییە بۆ چوونە ناو بیرە عیرفانییەکانەوە.

ئەگەرچی سیوەیلی لەو سیفاتانە دەدوێت بۆ گومانکردنە لەو یەکڕوانینەی کە بەرامبەر بەو شتانە هەمانە، بەڵام دواجار و لە کۆی کارەکەدا دروستکردنی ڕوانینێکی دیکەیە بۆ هەموو ئەو شتە فەرامۆشکراوانەی بە باسکردنیش نایەنەوە ناو بیری ئێمەوە، لەکاتێکدا لە منداڵی یان ئێستاشدا بەشێکی ژیانی ئێمە پێکدێنن. ئەمانە هەمووی ساتی بیرکردنەوەی ئەمن بەرامبەر بە وجودێک کە لە مەنفادا دەوریان داوە، بەڵام هێندە نابا ئەم بیرکردنەوەیە دەبێتە بڕیار و وایدادەنێ سروشت ببێتە خاڵی بەریەککەوتنی خۆی و زیندەوەران. لەبری مرۆڤ کۆنتاکت لەگەڵ مار و کیسەڵ و بۆق و مێشولە و کوللەدا دەکات، ئەمانە زیندەوەرگەلێکن دەتوانن ئێستای شاعیر پڕکەن لە سروشت و جگە لە خودی خۆیان دەرفەتێک نەهێڵنەوە بۆ بیرکردنەوە

له جەستەیەکی ماندوو و ڕابردوویەکی خەون ئامێز، له هەمان کاتدا شاعیریش خۆی دەخاتە ناو عیرفانییەتێکی بەبەهاوە و لەیەکێتی بوونێک دەڕووانێت کە بە هەموو ئەو پەراوێزخراوانە پێکهاتووەو خۆی دەکاتە هاوەڵیان و بە چاوی مرۆڤ بۆیان دەڕووانێت.

بە ئەسپە شێتە دەڵێم:
تاوێ لەسەر پشتی ئەو لاسکە گیایە وەرە خوارێ هاوڕێ
با قاچەکانت بۆ بشێلم

(٥، ل٥٣)

سروشتخوازی و یەکبوون لەگەڵ سروشت و خۆخستنە تەک بوونەوەرەکانی لە شیعرەکانی هیوا قادردا تا ئاستێک قووڵدەبێتەوە کە پرسیارگەلێکی وجودی دەوروژێنێت. (له کرم دەپرسێت ژیان چییە؟) هیوا بە چەشنی سیوەیلی دەڕژێتە ناو سروشت، مەراقی زیندەوەرەکان دەخوات لەبری مرۆڤەکانیدی خۆی دەستدەکات بە دڵدانەوەیان و پێمان دەڵێت : ژیان بە هەموو ئەوانەوە جوانە، کەوایە با ڕوویانتێکەین و سڵاوێکیان لێبکەین. لەم تەوەرەدا وێنەکانی هەرسێ شاعیر ئەوەندە لێک نزیکدەبنەوە تا هاوسێیەتی دەڕۆن و کار لەسەر یەک پرنسیب دەکەن.

بە پۆلە قەلەڕەشەکانی سەر ڕێش بڵێن ئێوارەتان باش

(٩، ل٥٢)

سیوەیلی دەڵێت :

ئاوێنەیەک دەخەمە بەر دەم قالۆنچەیەک و پێی دەڵێم
تۆ چەند جوانی!

(٥،ل٥٢)

قەرەداغی دەڵێت:

مەر حەبایەک دەکەم لە مەرجان
لە کیسەڵێکی پیری نووستوو

(٣، ل١٤٥)

ئەمانە وێنەی شیعری پەتی نین، تەنها لە پێناو جوانکردنی شیعردا هێنرابن، بەڵکو کارکردی قۆناغێکە کە شاعیران هەست دەکەن ئیدی پێویستە حورمەتی سروشت بگرێت و لەو بالاییەوە مرۆڤی کورد تەنها نەڕوانێتە پەروانە و بولبول، بەڵکو قەلەڕەش و کیسەڵ و قالۆنچەش شیاوی ئەوەن بخرێنە شیعرەوە و لەپشوویەکدا دڵنیایان کەیت کە ئەوانیش جوانن و ژیان بێ ئەوان شتێکی کەمە.

ئەگەر لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی فارسیدا، سوهراب سپهری شاعیرێک بێت توانیبێتی بەهۆی شیعرگەلێکەوە (کە ڕەگێکی عیرفانی دەیهۆنێتەوە) ئەو بیرە بهێنێتە نێو شیعری تازەوە، ئەوا لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەوڵی ئەم سێ شاعیر سەرکەوتوانە دەبێتە نەخشێنەری چەندەها وێنەی شیعری پڕمەغزا کە دواجار داوای گۆڕینی دیدێک دەکەن لە پێناو گشتگیرکردنی مرۆڤ و بوونەوەرەکان و بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی ڕۆحیی لەنێوان تاک و گشتدا. ئەم بیرە سۆفییانە لەلای ئەم شاعیرانە نیشاندانی خۆشویستنی هەموو مەوجوداتێکە و بەرینی ڕوانینیانە لە هەموو دروستکراوەکانی یەزدان، لەم بارەیەوە ئیبن عەرەبی پێی وایە هۆکاری خۆشویستنی بوونەوەرەکانی دیکە لەلایەن مرۆڤەوە، ئەوەیە کە هەریەکەیان دەرخەری دیوێکی دیکەی جوانی ئیلاهین. بەلای ئەم سۆفییەوە جیهان پڕە لە جوانی (ئەو جیهانەی کە زاهیدەکان قسەی پێدەڵێن و عابیدان پشتی تێدەکەن) جیهانێکە دڵگیرە و پڕە لە جوانی هەمەچەشن، هەر لەبەر ئەوەشە پێیوایە دەبێت جیهان پڕبێت لە عەشق و جوانی. (١، ل١٣٤) ئەم جوانییانە لە بوونەوەرە بچووکەکان و زیندەوەران و ڕووەکەوە تا مرۆڤ بەرجەستەی دەکەن و دەبنە کەرەسەی خۆشویستن، چونکە لە جیهانێکدان کە یەزدان ئەفرێنەری بووە.

کاتێک دلاوەر دەڵێت (..تا بەبەرد نیشانەگرتنەوە لە سەرێک، کە پڕە لە ئیهانەکردن بە شەمشەمەکوێرە و کونەپەپوو) (٣، ل٧١) ڕاگرتنی مرۆڤە لەسەر ڕۆیشتنی بەو ڕێگەیەدا کە جوانەکان باشن و ناشرینەکان خراپ، ئەوانەی کولتوری من

پەسـەندی دەکات خاوەنی ستایشن و ئەوانەی من بە شومیان دەزانم و ئەو واتایەیان دەبڕم بەسەردا جێگـەی ئیهانەکردن و لە ناوبردنن، ڕوانینی دلاوەر بۆ ئـەو بوونەوەرانە ڕێزگرتنە لـە جیاوازییەکان و قبوڵکردنیانـە وەک ئـەوەی کە هـەن، چونکە ئەوە ئەوانـن دەتوانـن ڕوویەکی دیکەی شـتەکانمان بۆ دەرخەن. حیکمەتی ئەم شیعرانە چوونە ناو دەروونی تاکەکانە و بەخشینەوەی دڵخۆشییە بە تەنها سلاوێک، نیگایەک، ئاماژەیەک، دڵنیاکردنەوەی زیندەوەرانە لە گرنگـی بوونیان، سـادەکردنەوەی ژیانە تا ئاسـتی هاوماڵـی کردنی حاجی لەقلـەق و خۆخەڵەفاندن بە ژماردنـی غایەڵەکانی چـاوی کونەپەپوو، گوێگرتن لـە دەنگی بۆقێـک، ئەمانە هەمووی پەتـی بوونە لە سروشت و ڕەهاکردنی جیهانێکی مادییە لە شیعردا کە ئەمان ئەزمونیانکردووە.

هیوا قادر لە شیعری (لەپی دەستم بۆنی شەمامەی خاکێکی لێدێت لەوپەڕی دنیا)

(٩، ل٥٦)دا

دەگەڕێتەوە بۆ سروشـت، لە مەنفاو بێ نیشـتمانی خۆیدا، سروشـت دەکاتە نیشتمانی و ڕووتدەبێتەوە تـا سـنوری تێکەڵبوون بـە ئاو و بە گیـا و لەوێوە لـە حیکمەتەکانـی ژیـان تێـدەگات (من تێدەگەم دەنگی هەر باڵدارێـک نامەیەکە، ڕەنگی باڵی پەپوولە، فڕینی خاڵخاڵۆکەیەک، وەرینی دەنکێک گێلاس، زەردبوونی بەهێیەکی توکن، نامەیەکە). لەوێـوە ماناکانـی لەنـاو مرۆڤـدا ژیـان دەگۆڕێتە سـەر زمانـی بـاران و خۆی بە چرپەی سروشـت دەسـپێرێت و لە نـاو تەنهاییەکانی خۆیـدا جگە لە یادەوەریـی منداڵی و ئێسـتای خەیاڵـی چوونە ناو سروشـت هیچیدی شـکانابات، چونکـە دواجار ئەم سروشـتخوازییە هێنـدەی تەمەنایـە و خەیاڵە، نیو ئەوەندە ئەزمونکردنی شـاعیرێکی ڕۆمانسی نییە تا کرۆکی ڕۆح چەشتبێتی.

دلاوەر قەرەداغی لە شـیعری (سەعات کرێوەی عەسـرێک) زەمەنی ونبونی خۆی لـە دوای نیوەی تەمەنییـەوە ڕادەگەیەنێت و دەزانـێ دۆزینـەوەی ئەسـتەمە، دەزانێ (ئەو) هەموو ئەو شـوێنانەی بە شـوێندا دەگەڕێت کـە دەکرێت لـەوێ بیدۆزێتەوە، دواجار دێتە سـەر سروشـت ئەو شـوێنەی کە لە دوای هەمـوو ونبوونێک لەوێ دۆزراوەتەوە، بەڵام ئـەم جـارە ونبوونێکـی دیکەیـە و نادۆزرێتـەوە. لـەم شـیعرەدا دلاوەر قەبارەی خۆی بـە ڕۆحێکی گەورەوە، هێندە بچووک دەکاتەوە تا ئەو ئەندازەی کە دەڵێت:

ژێر پۆشێک لەبەر هەیوانی ماڵی لەقلەق
نێوان دەنووکی زەرنەقوتەیەک
ژێر نینۆکی ژیژکێک
قووڵایی قەترەیەکی ئاوم بۆ دەگەڕێ

جێیەکـی ئەمین بۆ بـەردەوام چوونە ناو خۆی و خـۆ شـاردنەوەی، چ وەک گەمـە و چ وەک ماندووبـون لە ناو مرۆڤ، هـەر بۆیە خودی خۆی دڵنیایـە کە ئەویـش دەزانێ ئەو شـوێنانە جێیەتی، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ بە ئومێدی دۆزینەوەی.

جگە لەو سروشتخوازە، ئەو شیعرە یەکێکە لەو شـیعرانەی کە شاعیر وێنای نەمانی خۆی دەکات و دوودڵە لـە بەردەوامیی هەموو شـت پاش نەمانی، بە چەشـنی ئەم هیوا قادر لە شـیعری (ئەو ڕۆژەی کـە دەمرم، باران لە پەنجەرەکەم دەدا) (٩، ل٧٧) دا هیوا مردنی خۆی دەگێڕێتـەوە، کەمێک غەمبارە لە نەبینەکان و گوڵ نەکرینەکان و نەمانی کات بۆ بوونە هـاوڕێ، دڵگرانە لە مردن نا بەڵکـو لە نەبینینەوەی غروب، لە هاتنی بەهار بێ ئەم، لە جووڵەی بێئامانی سروشت:

من بە تەنها دەمرم و لە ناو قرچەی شـکانی ئێسـکی خۆم وەک قرژاڵ گوێم لـە تەقینی چرۆکان نابێت

جارێکی تـر زەرنەقوتەیەک ناخەمەوە هێلانەکەی خۆی و دەسـت بەسەر کەروێشـکێکی سپیدا ناهێنم

دلاوەر و سیوەیلی دەزانن مرۆڤەکان پێویستیان بـە خۆشویسـتنە، بە زوبانێکی شـیرین، لە ناخەوە

تامی تاڵـی تەنهاییـان چەشـتووەو دەزانن مرۆڤ کـە مەحکوم کرا بە تەنهایـی، دەبێت کار بکرێت بۆ ڕزگاربوونی بە پەیڤێک، بە نیشـاندانی پەپوولەیەک، فێرکردن بۆ گوێهەڵخستن، تا بگەنە بیستنی ئاوازی سروشـت. دلاوەر دێـت دەنگـەکان جیادەکاتـەوە ئەوانەی کـە میهرەبانانەیە ئەوانەشـی کە بەردەوام دڵمان ئازار دەدەن و بێ بەها بۆمان دەڕوانن:

بانگێک جیاواز لەو دەنگانەی کە هەمیشە لە
کاتی کڕینی گێلاسدا
لە کاتی سەواکردنی قەفەسێکی پڕ پەپوولەدا
لە کاتی چڕینی سروودەکانا
لەکاتی گوێ ڕادێران بۆ پیاوێکی هەر لە
ئەزەلەوە چوار شانە
لە تەلەفزیۆندا
تەریقماندەکاتەوە، دڵمان دەیەشێنێ و
تەفرەماندەدا

(٣، ل٥٧)

ئەم دەنگە یەکێکە لەوانەی کە ژیان جواندەکات، بـە پێچەوانەی ئەو دەنگانەوەی کـە دەبێت لە کاتە ناسـک و جوانەکانـدا نـەرم بدوێن، کەچـی پڕمان دەکـەن لـە شـکان و لـە تەریقکردنـەوە، ئەمە لەو دەنگانەیـە کە حورمەتی پەپوولە و گێلاس و تەڵێک گیا ناگرێت، کەسـانێکە کە مادە تاکە ئەرزشـە لای و میهرەبانی فرۆشـتووە بە دڵڕەقی و بەدڕەفتاری، هـەر بۆیە دلاوەر بە ئاماژەیـەک جیای دەکاتەوە و دەیـەوێ خۆی و دۆسـتانی لەو تاپیانـە نەبن و بە وشـەیەک دڵی هەمووان خۆشکەن، لە پارچەیەکیدا دەڵێت:

دەتوانم بە بەیانی باشێک
دونیا لەگەڵ خۆمدا ئاشت کەمەوە
بۆم هەیە بێ ترس کڵاوەکەم داگرم و
بۆ ژنێکی زگپڕ بچەمێمەوەو
بڵێم خانم..ڕۆژتان باش!

(٣، ل٨١)

سـیوەیلی لە شـیعری (خودایە بـۆ نەتکردم بە قۆخ فرۆش)دا وەها بیرێک دەهێنێت و کاری لەسەر دەکات:

سەوزەفرۆشەکان
لە کاتی عاشقانەترین میوە و سەوزەدا
تەریقمان دەکەنەوە:
(هەڵبژاردن نییە..لاچۆ خانم..بڕۆفاڵە)
لە وێنەیەکی دیدا دەڵێ:
من جارێک پیرەمێردێکم بەوە دڵخۆشکرد، کە
پێم گوت:
(دەستت ماچدەکەم!)

(٦،ل٧١)

ئەمـە هەمـان بیـری دلاوەرە بـە زیادکردنـی ڕێزگرتنی میوە و سەوزە، چونکە بەشێکی سروشتن، دواتریش ڕێزی ئەو کەسەی کە مەبەستێتی دەستی کەوێت. ئەوەی زۆر جێگەی سـەرنج بێ لە شیعری ئەم شاعیرانەدا بەخشینی وێنەیەکی دیکەیە بە میوە لە شیعرەکانیاندا، بە درێژایی ئەدەبی کلاسیکی ئێمە شـاعیرانێکمان هەن کە شیعرەکانیان پڕە لە سێو و بەهـێ و لیمو کە بە درکە و خوازە بەکارهاتووە بۆ پەسنکردنی سینەی خانمان و کچانی خۆشەویستیان، ئیدی میوەکانی دیکە وەها جێگەیەکیان نەبووە، ترێ وەک شـەراب نمونەی میوەیەکی دیکەیە، ئەمە جگە لە بەیتی فۆلکلۆر کە پڕە لەو جۆرە چواندنانە. بەڵام میـوە وەک خۆی دادەنرێ لـە ئەدەبیاتی نوێ و لە شـیعری ئەم سـێ شـاعیرەدا، جگە لە بەرزڕوانین بۆیان هەندێجار سیفەتی مرۆیی پێدەبەخشن. لێرەوە لە هەڵچوونـی واتاییەوە میوە دێتەوە جێی خۆی و لە دیدێکی ترەوە واتا وەردەگرێت، دیدی پیرۆزی و ڕێزە بۆ سروشت، بۆ گێلاس بۆ هەنار، هەنجیر.

نالـی وەک دامەزرێنەری قوتابخانەی شـیعری کلاسـیکی کـوردی، کاتێک دێـت وەک شـاعیرانی دیکەی هاوسـێ، پەسـنی ژنێک دەدات و پێویستی بـە بەکارهێنانی هونەرە باڵاکانـی ڕەوانبێژی هەیە، چوێنراوێک دێنێت کە نزیک بێت لە پێچوێنراوێکەوە تا بتوانێ وێنەیەکی شـیعریی باڵای لێسـازبدات، بۆ ئەمەش کۆمەڵێک شـت دێنێ و مەبەسـتی جەسـتە و لەشـولاری ژنانـی پێدەچوێنێت، تەنهـا وێنەیەک

نیشاندان دەدات لە ژێر پەردەی وێنەیەکی دیکەوە، بۆ نمونە لە شیعرێکیدا دەڵێت:

نەخل و ڕوومان پێکەوەن، یان باغەبان وەی کردووە
سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوربەی کردوە!

( ١٢، ل٥٤٦)

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەربەمۆر
مات و حەیرانم کە عەر عەر کەی هەناری گرتووە!

(١٢، ل٥٣٨)

لە وەها پارچەیەکدا دەرفەتی خوێندنەوە نادرێ بۆ بەبەهاوە ڕوانین لە سێو و بەهێ وەک ئەوەی کە هەیە و بەشێکە لە سروشت، بەڵکو گرنگە لەو ئاستەدا کە سیفاتی هەریەکێ لەوانە کۆکراوەتەوەو نیشاندراوە لە خانمێکی نادیاردا. بەڵام ئەدەبیاتی نوێ بە گشتی و شیعری ئەم شاعیرانە هەڵوەشاندنەی هەموو ئەو دیدانەیە بۆ میوە و هەوڵیانداوە میوە وەک ئەوەی کە بەشێکی گرنگ و جوانی سروشتە بهێنرێتە ناو شیعرەوە. سیوەیلی کاتێک لە قەسیدەکەیدا لە دوای چەند دابڕانێکی بابەتیی، دەیەوێ لە دوای دەستپێکردنەوە، بگاتە شوێنێک کە بوونی ئەم دەگەیەنێت، خۆی دەباتەوە بەردەم سێبەری سووری گێلاس و لە ژێر دڵۆپەکانی هێشووی قەزواندا خۆی دەشوات. دەستبەرداری هونەری شیعری نابێت ئاراستەی چواندنەکان دەگۆڕێت و سیفاتی مرۆیی دەبەخشێتە هەریەکێک لەو میوانەی باسیان دەکات (مەکری چواڵە، حیکمەتی دارەبەن، سنگفراوانی هەنار) لە سروشت و مرۆڤ وێنەیەک پێکدێنێت کە خاڵی نییە لە عیرفانیەت و پڕە لە ڕوانینی جووڵەئامێز و زیندوو بۆ هەموو ئەو شتانە، جگە لەم قەسیدەیە لە قۆغفرۆشدا تەنها ئەو سیفاتانەی میوە و سەوزە نیشانناداتن، بەڵکو دەیانکاتە نمونەیەک تائیمەش چاویان لێبکەین و شتێ لەوانەوە مرۆڤبوون بە مانای وشە هەڵگرین.

(حیکمەتی شیرینی کاڵەک، پرسیارە گەورەکانی شەمامە، سادەیی پەڕی سەوزی کاهو) ئەمانە بە هێند وەرگرتنی ئەو میوانەیە و بەرزکردنەوەیانە لە ئاستی خۆیان زیاتر و هەڵچوونی واتایی پێبەخشیون.

دلاوەر قەرەداخی لەو سیفات بەخشینانەی گەلێک زۆرە و مەودایەکی فراوانی وێنە شیعرییەکانی گرتوتەوە. (داڵغەی گەیوی بەهێ، لەپی گەرمی گوڵەگەنم، ڕەشە ڕێحانەیەکی زین، ترپەی دڵی دەنکێک هەنار..)، لە هەمان کاتدا بە جیاوازی ئەوان هیوا قادر گەلێک وێنەی شیعر دێنێت کە پڕاوپڕی میوەکان خۆیانن بە واتای جۆراوجۆرو مەبەست پێکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواوی دەستبەرداری ئەو چواندنە نابێ کە ڕەگێکی قووڵی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێمەدا هەیە، وێنەی میوەگەلێک دێنێ کە نوێیە لە چواندندا و حاڵی خۆی پێنیشاندەدات:

لێوم وەک قۆخ قڵیشاوە لەشەرمان لە گەرمان
وەک پێستی سێوە لاسورە دەسوتێ، ڕوومەتم لە تای عەشق
فیچقە دەکا خوێنی من وەک ئاوی مێو

(٩، ل٦٥)

لە (بۆنی شەراب لە هەناسەم دێ)(٨) کە ئەزمونێکی هاوبەشی نامەی خۆی و سەحەر ڕەساییە، لە نامەیەکدا بەشێکی تەواوی لە میوە و خرپی میوەکان دەدوێت و لەوێوە تێڕوانین و چواندنەکانی گەلێک شاعیرانە و ئێستاتیکایەنە دەخاتە ڕوو، خاڵی نییە لە چێژی سێکسی پیاوانە و ئەو دیدەی ڕۆژهەڵاتییەی کە بەرامبەر بە میوە و بەستنەوەی بە جەستەی ژنەوە هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین وێنەکانی هەر سێ شاعیر وێنەگەلێکن لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا نوێن، ئەمەش وادەکات لەفەزایەکدا یەکبگرنەوە و شیعریان جیا بێتەوە لە شاعیرانی دیکەی ئەم قۆناغە، هاوکات لە ناو خودی خۆشیاندا جیا ببنەوە و هەڵگری تایبەتمەندیی خۆیان بن.

**پەراوێز و سەرچاوەکان :**


١. ابن عربی، سلیمان اولوداغ، ت. داود وفایی، نشر مرکز، چاپ دوم، تهران ١٣٨٧.
٢. بەرزان هەستیار، ساڵێک لە نیگەرانی، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.
٣. دلاوەر قەرەداغی، مەلەک ڕێحان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی٢٠٠٤ .
٤. دلاوەر قەرەداغی، من لە شارێکی زۆر دوورم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی٢٠٠٨.
٥. ڕێبوار سیوەیلی، زمانی عەشق زەمەنی ئەنفال، چاپخانەی ڕەنج، کوردستان ٢٠٠٠.
٦. ڕێبوار سیوەیلی، فەنتازیای خواردن، لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٦.
٧. زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەریی کوردی، دەزگای موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨ .
٨. سەحەر ڕەسایی. هیوا قادر، بۆنی شەراب لە هەناسەم دێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦.
٩. هیوا قادر، سێوی سوور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤.
١٠. هیوا قادر، ئەوەی دنیا ڕزگار دەکات جوانییە (کۆمەڵە دیدار)، کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی ٢٠٠٩.
١١. هیوا قادر، یار لە باخە، کتێبی یانەی قەڵەم، سلێانی ٢٠٠٩.
١٢. نالی، دیوانی نالی، انتشارات کوردستان، چاپی یەکەم ١٣٨٠.


* **ناونیشانی باسەکە دێڕێك شیعری ڕێبوار سیوەیلییە.**

